**دەنگەکان : ئایا توانراوە ئەنفال وەک ئەوەی کە هەیە , نەک ئەوەی کە دەسەلاتداری کوردی ئەمرۆ دەیەوێت , بکرێت بەمێژوو ؟**

بەختیار سامی:

لەبیر کردنی کارەستی ئەنفال،کوشتن و بێ سەروشوین کردنی 182هەزار کەس بۆ خەلکی کوردستان ئاسان نیە. کارەساتی ئەنفال وکیمیا بارانی خەلکی هەلەبجە تەئسیری داناوەتە سەر زەین و بۆچونی سیاسی و کۆمەلایەتی خەلکی کوردستان بەگشتی و کەس و کاری قوربانیانی ئەو کارەساتە بەتایبەتی. رژێمی دیکتاتۆری بەعس بەهەموو شێویەک هەولی داوە ریشەی هەر نارەزایەتیو داخوازیەکی شۆرشگێرانەی خەلکی کوردستان بنەبر بکات.کارەساتی ئەنفال و کیمیا بارانی خەلکی هەلەبجە بەشێک بوو لەکارنامەی ئەو رژێمە دکتاتۆرە لەبەرامبەر مقاوەمەت و خەباتی شۆرشگێرانەی خەلکی کوردستان بۆ نەمانی ستەمی نەتاوایەتی و بەدەست هێنانی مافە سیاسیو ئابووری و کۆمەلایەتیەکان.تاوانەکانی رژێمی بەعس بەتایبەتی ئەنفال و کیمیابارانی خەلکی هەلەبجە تادونیاماوە وەک مێژویەکی رەشی ئەو رژێمە باسی لێوە دەکرێت.

بەلام لەچەند سالی رابردوو تاکو ئێستاش بۆ مەسەلەی کارەساتی ئەنفال کارێک نەکراوە جیاواز لە قازانج و بەرژەوەندی ناسیۆنالیزمی کورد تاکو بکرێت بەمێژوویەکی سەربەخۆ.ئەو کارانەی تاکو ئێستابۆ کارەساتی ئەنفال و کیمیا بارانی خەلکی هەلەبجە کراوە بەقازانجی سیاسی و ئابووریو کۆمەلایەتی ناسیۆنالیزمی کورد تەواو بووە.زۆر بەئاشکراو بێ شەرمانە هێزە ناسیۆنالیستە کوردیەکان کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەلەبجە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن،ئەو هێزانە کاتێک باسی کارەساتی ئەنفال دەکەن کەپێویستیان بەهێزی خەلکی کوردستان هەبووبێت، چ لەکاتی شەری ناوەخۆ،چ لەکاتی هەلبژاردن،یان بۆ بەدەست هێنانی دەسکەوتی زیاتر لەبەرامبەر حکومەتی مەرکەزی.

تاکو ئێستا بزووتنەوەی کارەساتی ئەنفال وکیمیابارانی خەلکی هەلەبجە نەیتوانیوە بەرۆشنی ئەهداف و ئامانجەکانی خۆی لەحزبە ناسیۆنالیستەکان جیابکاتەوە،بۆ ئەوەی بتوانێ داخوازی و داواکاریەکانی خۆی بەدەست بهێنێ،تاکوئێستا تاوانبارانی ئەو کارەساتە بەبەر چاوی دایکو باوکو کەسوکاری قوربانیانی ئەوکارەساتە گەورەیە دەسورێنەوە.لەناو حزبە دەسالاتدارەکان پۆستی گەورەیان پێدراوە،کەسیش ناتوانێ هیچیان پێ بلێن.

ئەگەر بزووتنەوەی کارەساتی ئەنفال و هەلەبجە دەیەوێت مێژوویەکی جیاواز لەو حزبە ناسیۆنالیستانە بۆ ئەو کارەساتە تۆمار بکات.نابێت چیتر خۆشباوەر بێت بەناسیۆنالیزمی کورد وچاوەروانی ئەوانبن جواب بەداخوازی و دواکاریەکانیان بدەنەوەو ریشەی کارەساتی لەو بابەتە کۆتای پێ ببهێنن.راستە کارەساتی ئەنفال و کیمیا بارانی خەلکی هەلەبجە لەلایەن رژێمی بەعس ئەنجام دراوە.بەلام لەروانگەیەکی سیاسی ناسیۆنالیستی عەرەبی بووە،دژبە نەتەوەی کورد.رژێمی بەعس ئەوکاتە نوێنەرایەتی ناسیونالیزمی عەرەبی دەکرد

نەک بەتەنها لەعێراق بەلکو لەناوچەکەش پشتیوانی گەورەی فەلەستین بوو لەدژی ئیسرائیل،ئێستا بەهۆ باروو دۆخێکی تایبەت لەعێراق ناسیۆنالیزمی عەرەب پاشەکشەی پێکراوەو لاواز بووە.بەلام وەک بزووتنەوەیەک هەر ماوە.هارکاتێک ئەو بزوتنەوە ناسیۆنالێستە عەرەبیە دەسەلات بگرێتەوەو فرسەتێکی تری بۆ رێک بکەوێت لەوەیە بەهەمان شیوەی رژێمی بەعس لەدژی نەتەوەی کورد بێتەوە مەیدان.
هەروەها ناکۆکی ناسیۆنالیزمی کوردش ژەبەرامبەر حکومەتی مەرکەزی و ناسیۆنالیزمی عەرەب ناکۆکی ریشەی نیە.هەولەکانی ناسیۆنالیزمی کورد بۆ شەریک بوونە لەدەسالاتی سیاسی. جیاکردنەوەی مێژویەکی سەربەخۆ لە حزبە ناسیۆنالیستەکان سەبارەت بە کارەساتی ئەنفال دەبێت ئەو بزووتنەوەیە هەولبدات پشتیوانی بزووتنەوە رادیکال وئازادیخوازەکانی تری ناو کۆمەلگای کوردستان و عێرا ق و دەرەوەش بەلای خۆدا رابکێشیت.داوای دەست بەجێی دادگای کردنی تاوانباران و قەرەبوو کردنەوەی ئەو خەسارەتەی بەر کەس وکاری قوربانیانی ئەو کارەست کەوتوە.

**دەنگەکان : ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی ڕۆشنبیری کورد لە نزیک و دوورماوەدا , سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال ?**

بەختیار سامی:
من نامەوێ لەئەهمیەت و دەورو نەخشی رۆشنبیرانی کورد کەم بکەمەو،دیارە لەچەند سالی رابردوو نەک لەمەیدانی کارەساتی ئەنفال وهەلەبجە لەزۆر مەیدانی تردا لەناو بزووتنەوەی ژنان لاوان خوێنکاران جێگای دەست و پەنجەی هەندێک رۆشنبیری کوردی پیوە دیارە.پێم وایە لەم مەیدانەش رۆشنبیری کورد دەتوانێ دەورو نەخشی خۆیان هەبێت.بەلام دیارە ئەم کارە بەتەنها بەرۆشنبیری کورد ناچیتە پێشەوە.کارەساتی ئەنفالش تەنها لەبارامبەر رۆشنبیری کورد نەکراوە.کارەساتی ئەنفال لەدژی بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانەی خەلکی کورد کراوە کەرۆشنبیری کوردیش بەشێک بووە لەو بزووتنەوە شۆرشگێرانەیە.ئەگەر رۆشنبیری کورد بیەوێ لەم مەیدانەدا دەورو نەخشی هەبێت،دەبێت لەهەولی راکێشانی پشتیوانی بزووتنەوە رادیکال و ئازادیخازەکانی تری ناو کۆمەلگای کوردستان بێت.بەتایبەتی رۆشنبیرێکی زۆری کورد لەدەرەوەی کوردستانن دەتوانن پشتیوانی و سەرنجی زۆری بزووتنەوە رادیکال و ئازادیخوازاکان بەلای کارەساتی ئەنفال و هەلەبجە رابکێشن و بیکەن بەفشارێک لەسەر حکومەتی ئێستای عێراق و رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان کە ئەم کارەساتە وەک بەجنیۆساید لەدژی خەلکی کورد بەرەسمی بناسن جیا لەدادگای کردنی تاوانبارانی ئەوکارساتە و داخوازیەکانی تر.

**دەنگەکان : دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە ؟**

بەختیار سامی:

دیاریکردنی رۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتوە؟

ئەگەر تەنها مەبەستت یاد کردنەوەبێت .خەلکی کوردستان و کەسوکاری ئەنفال کراوەکان لەو رۆژەدا بێن یادی ئازیزان وخوشەویستانی خۆیان بکەنەوە.جارێکیتر ئەو کارەساتە بەبیر خۆیان بێنەوەو هیچ دەسالاتێکیان نەبێت لەئالوو گۆر پێکردنی باشتر بوونی ژیانی خۆیان .من پێم وایە هیچ دەسکەوتێکی نابێت وهیچ ئال وگۆرێکیش روونادات.بەلام ئەگەر ئەو رۆژە بکرێت بە رۆژی نارەزایەتی لەدژی زول و ستەم و چەوسانەوەو شەری نێوان هێزەکۆنەپەرستەکان.پێش گرتن لەدوو بارەنەبوونەوەی کارەساتی لەو بارە.دەبێت بە مێژویەکی گرنگ، لەبەر ئەوەی ئەوانەی ئێستا زیندوون و ماون ژیانیان لەبەردەم مەترسی گەورەدایە، برسیەتی هەژاری گرانی بێکاری شەرو کوشتار لەژێر نیزامی بۆرژوازی رۆژ بەرۆژ لەزیادبووندایە، ئینسانەکان جیالەوی بیر لە رابردوویان دەکەنەوە دەبێت زیاتر لەهەولی ژیانی داهاتوویان بن، بۆئەوەی ئەو ئینسانە بێتاوانانەی لەرابردوو کەبوونەتە قوربانی بەرژەوەندیەکانی نیزامی سەرمایەداری،ئینسانە زیندواکانی ئێستاش توشی ئەوکارەساتە نەبن، گرنگی لەوەدایە خەلکی کوردستانش جارێکتر رێگە نەدەن یاری بەچارەنوسیان بکرێت.ئازیزان و خۆشەویستانیان لێ بکوژرێ یان زیندان و ئاوارە بکرێ.